# توێژینەوەک لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی (ساڵی ١٣٩٩-١٣٨٩) پارێزگای کرماشان

بەختیار نەزەری

لە هەموو دونیا بەهایەکی زۆر بە کشتوکاڵ و بەرهەمەکانیان دەدرێت چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە خواردنی ڕۆژانەی مرۆڤەوە هەیە و زۆرێک لە وڵاتان، کشتوکاڵ وەک»پیشە« پێناسە دەکەن. ڕێژیمە پۆپۆلیستەکان خواردنی ئەسڵی وەک (گەنم، گەنمەشامی، فاسۆلیا و ... ) کە پەیوەندیی لەگەڵ تەندروستیی کۆمەڵگەدا هەیە، وەک چەکێک بۆفشار لەسەر خەڵک بەنیسبەت بەرژەوەندییەکانیان بەکار دێنن، هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا تا ڕادەیەک بە نیسبەت بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی خۆرهەڵات فۆکووس کراوە.

توێژینەوەک لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی پارێزگای کرماشان لە خۆرهەڵاتی کوردستان وەک «گەنم، نۆک، گەنمەشامی، جۆ، نیسک»و بەراوەردکردنـــی لەگـــەڵ بـــازاڕی عێراق و هەرێمی کوردســـتان و بازارەکانی جیهان بە تایبەت ئامریکا لە ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی.

لــە هەمـــوو دونیـــا بەهایەکـــی زۆر بە کشـــتوکاڵ و بەرهەمەکانیان دەدرێت چونکە راســـتەوخۆ پەیوەندیی بە خواردنی رۆژانەی مرۆڤەوە هەیە و زۆرێک لە وڵاتان، کشتوکاڵ وەک»پیشـــە» پێناســـە دەکـــەن. رێژیمـــە پۆپۆلیستەکان خواردنی ئەسڵی وەک (گەنم، گەنمەشـــامی، فاســـۆلیا و ... ) کە پەیوەندیی لەگەڵ تەندروســـتیی کۆمەڵگەدا هەیە، وەک چەکێک بۆفشـــار لەســـەر خەڵک بەنیسبەت بەرژەوەندییەکانیان بـــەکار دێنن، هەر بۆیە لـــەم توێژینەوەیەدا تا رادەیەک بە نیســـبەت بەرهەمـــە کشـــتوکاڵییەکانی خۆرهـــەڵات فۆکووس کراوە.

٨٥ لـــە ١٠٠ی بەرهەمی کشـــتوکاڵ لە جیهاندا لە زەویی»دێم» بەرهەم دێت. لە وڵاتی ئێران ٥٠ لە ١٠٠ی زەوییە کشـــتوکاڵییەکان «دێم»ـــین و تەنیا ٨ لـــە ١٠٠ی بەرهەمی کشـــتوکاڵ لـــەو زەوییانە بەرهـــەم دێن کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کشـــتوکاڵی ناکارامە و بێ بەهرە.

زۆربەی خەڵک لە کوردستانی خۆرهەڵات سەرقاڵی کشتوکاڵن و لەو پێناوەدا بەداخەوە رێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی زاڵ بەسەر کوردســـتاندا، چاکســـازییەکی ئەوتۆیان بە نیسبەت کشتوکاڵەوە نەکردووە و خەڵکیش تەنیا لەبـــەر بێ دەرەتانـــی و نەبوونی هیچ بژیوێکی دیکـــەی ژیان لەســـەر زەویی باو و باپیرانیـــان، بەردەوامـــن لـــە کار و ئـــەو زەوییانەیان راگرتووە. لە لایەکی دیکەشـــەوە بـــە هۆی مردنی خاوەنی زەوی، ئەو زەوییانە وەک میـــرات لە نێـــوان منداڵەکاندا دابەش دەکرێن کە لە قازانجی ســـاڵانە، مەخاریجی «کشتوکاڵ»، ســـاڵ بە ســـاڵ زیاتر دەبێت، لەلایەکی دیکەشەوە نرخی کڕینی بەرهەمە کشـــتوکاڵییەکان ئەوەندە بـــەرز نابێتەوە کە جووتیـــار قازانجێکی ئەوتۆ بکات، کە ئەویش دەگەڕێتـــەوە ســـەر ئـــەوەی کە لـــە کاتی فرۆشـــتنی بەرهەمەکان، دەڵاڵەکان قازانجی ســـەرەکی دەکەن و جووتیارەکان رۆژبەرۆژ قەرزدارتر دەبن.

- لەســـاڵی ١٣٩٨ی هەتـــاوی، ١میلیـــارد دۆڵار بـــۆ هاوردەکردنـــی بەرهەمـــە کشـــتوکاڵییەکان(حبوبات) و گۆشت تەرخان کراوە. ئەم رێژەیە لە ڕەدیفی بوودجەی ساڵی ٩٨ بە ئـــەرز(دۆلاری دەوڵەتی)ی حکومەتی کە لەســـاڵی ١٣٩٨بۆ هەر یەک دۆڵار ٤٢٠٠ تمەن دیاریکراوە، تەرخان کراوە.
- لەســـاڵی ١٣٩٨ی هەتاوی، ٢میلیۆن تۆن گەنم هاوردەی ئێران کراوە.
- لە ســـێ مانگەی یەکەمی ســـاڵی ١٣٩٩ ی هەتـــاوی ١/٩٤٣/٨٢١ (یـــەک میلیون و نۆسەدو چل و سێ هەزارو هەشتسەدو بیست و یـــەک) تون گەنم هاوردەی ئێران کراوە کە ٧٤٧/٠٠٠ هەزار تۆنی لە وڵاتی رووسیە بووە.
- لە ســـاڵی ٩٧ و ٩٨ ی هەتاویدا، ٦میلیۆن تۆن گەنمەشـــامی(زورڕەت) هاوردەی وڵاتی ئێران کراوە.
- ١لە ٤ ی بوودجەی ئێران بۆ هاوردەکردنی بەرهەمە کشـــتوکاڵییەکان و گۆشت تەرخان کراوە.
- لە ٦٠ساڵی ڕابردوودا، رێژەی بەرهەمهێنانی گەنم ســـێ قات زیادی کـــردووە، لە حاڵێکدا حەشیمەتی وڵاتی ئێران لە ٢٠ میلیۆن کەس بۆ ٨٠ میلیۆن کەس بەرز بووەتەوە.
- لـــە وڵاتی ئێران ســـاڵانە ٦میلیۆن هێکتار زەوی بۆ چاندنـــی دانەوێڵە تەرخان دەکرێت، کە ٢میلیۆن هێکتار بـــۆ گەنمی بەرئاوە و ٤ میلیۆن هێکتار بۆ گەنمی دێمە.
- هەر یەک کەس ئێرانی ســـاڵانە، ١١٠ کیلۆ گەنم بۆ خواردن بەکار دێنێت.

**خشتەی پێنج پارێزگای یەکەمی ئێران بۆ بەرهەمهێنانی گەنم**

| ریز | ناوی پارێزگا | ڕێژەی بەرهەمهێنانی گەنم/ تۆن |
|---|---|---|
| ١ | خووزستان | ١/٣٩۶/٠٠٠ |
| ٢ | گوڵستان | ١/٣۶٠/٠٠٠ |
| ٣ | فارس | ٩٢٠/٠٠٠ |
| ۴ | سنە | ٨۴٠/٠٠٠ |
| ۵ | کرماشان | ٧۴٠/٠٠٠ |

بــۆ نموونــە ئەگــەر دانیشــتوانی پارێزگای کرماشـــان ٢میلیۆن کەس ئەژمار بکەین و بۆ هەر کەس لە ساڵدا، ١١٠ کیلۆ گەنم تەرخان بکرێت ٥٢٠/٠٠٠/٠٠٠ میلیۆن کیلۆ گەنمی زیادی بۆ پارێزگای کرماشان دەمێنێتەوە کە دەتوانرێــت وەک کاڵای بازرگانی هەناردەی دەرەوەی پارێزگا بکرێت.

**خشتەی سێ پارێزگا کە ٥٠٠هەزار تۆن بەرهەمی گەنمیان بووە**

| ریز | ناوی پارێزگا | ڕێژەی بەرهەمهێنانی گەنم/ تۆن |
|---|---|---|
| ١ | ئۆرمیە | ٥٠٠/٠٠٠ |
| ٢ | لوڕستان | ٥٠٠/٠٠٠ |
| ٣ | هەمەدان | ٥٠٠/٠٠٠ |

بەپێی ئەو دوو خشــتەیەی ســەرەوە بۆمان ڕوون دەبێتــەوە کــە ئــەو شــوێنانەی کە خاکی کوردســتانن یان زۆرینەی دانیشتوانی کوردن(ســنە، کرماشــان، ئۆرمیە، لوڕستان، هەمــەدان و بەشــێک لە خاکی گوڵســتان) باشــترین و لەبارتریــن زەوییــان هەیــە بۆ کشــتوکاڵ، ئەمە لەحاڵێکدایە کە ١ لە سەر ٣ی خاکی ئێران بیاوانە و ٢ لە سەر ٣ی ئەو ڕێژەیە بیاوانی تەواوە کە هیچی لێ شین نابێت، بەڵام ئەگەر چاوێک لە کوردستانی خۆرهەڵات بکەین لەهەر وەرزێکدا چــوار وەرز دەبینین و هەرێمێکی ڕەنگینە و لەبارە بۆ کشــتوکاڵ، باغداری، پەروەردەکردنی مەڕوماڵات. جیا لە وانەی کە باســمان کرد کودستان کانگایەکی سروشــتیی ئاوی ژێرزەمینی، سروشتی لەبار بۆ پیشــەی توریســم، جۆرەکانــی بەردی زینەتــی، نەوت، گاز، زێڕ و دەیان و ســەدان بەرهەمــی هەیە کە دەتوانرێــت لە داهاتوی کوردســـتاندا بکرێت بە ســەرچاوەی داهات، بەڵام بەداخەوە ئێســتە هەمــووی ئەوانە لە ژێر دەســتی داگیرکەردایە و هەرزان فرۆش و تاڵان دەکرێت و کوردســتانییان، لەوپەڕی بێ هیوایی و بێ ئیمکاناتیی ســەردەمدا ژیان تێدەپەڕێنن.

**خشتەی زەوییەکانی گونجاو بۆ کشتوکاڵ لە پارێزگای کرماشان**

| زەویی گونجاوی چاندنی بەرهەم/ هێکتار | دێم/ هێکتار | بەرئاو/ هێکتار |
|---|---|---|
| ٩٤۶/٨٧١ | ٧٠٩/٨٧١ | ٢٣٥/٠٠٠ |

**خشتەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە پارێزگای کرماشان بە هێکتار**

| گەنم/ هێکتار | جۆ/ هێکتار | نۆک/ هێکتار |
|---|---|---|
| ٣١۶/٠٠٠ | ١٥٠/٠٠٠ | ٧/٥٠٠ |

هەر وەک لە خشتەکەدا هاتووە لە پارێزگای کرماشان ساڵانە ٧/٥٠٠ هێکتار بۆ بەرهەمهێنانی نۆک تەرخان دەکرێت کە ئەو رێژەیە نیوەی بەرهەمی نۆک لە ئێراندا لەخۆ دەگرێت، ئەگەر بۆ ئەو بەرهەمە بەرنامەیەکی دروست هەبێت دەتوانرێت بەرهەمی نۆک لە هەرێمی کوردستاندا(خۆرهەڵاتی کوردستان) بکرێت بە سەرچاوەی داهات بۆ ئەو هەرێمە.

تێبینی:

- شارەکانی (روانسەر و جوانرۆ) ٧.٩ لە کۆی گشتی زەویەکانی پارێزگای کرماشان لەخۆ دەگرن کە ساڵانە زۆرترین رێژەی باران بارینیان هەیە و دەکرێت لە داهاتوودا ببێت بە سەرچاوەی داهات لەو بوارەدا، بەڵام بە مەرجێک کە زەوییەکانیان یەکپارچەسازی بکرێت، کێڵان و چاندن میکانیزە بێت و کەرەسەی پێشکەوتووی کشتوکاڵی بۆ تەرخان بکرێت.
- پارێزگای کرماشان ٥/٠٠٠ (پێنج هەزار هێکتار) زەویی لە بەرزاییەکانی وەکوو تەپۆڵکە و شوێنی شاخاوی هەیەکە لەبارە بۆ چاندنی داری بەرهەمدار وەک (ترێ، بادام، توو، هەنار، گوێز، زەیتوون)کە بەداخەوە تا ئێستە لەو رێژەیە تەنیا یەک هەزار هێکتاری دار چێندراوە.
- لە پارێزگای کرماشان ٩٠ لە ١٠٠ی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان تەرخان دەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی (گەنم، جۆ، نۆک).

کرماشان یەکێک لە پارێزگاکانی کوردستانی خۆرهەڵاتە کە لە بەرهەمهێنانی نۆکدا یەکەمە(لە قەوارەی ئێستەی ئێران) و زەوییەکانی لەبارە بۆ کشتوکاڵ. بەداخەوە ئەو بەرهەمە وەک هەموو بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و زۆر شتی دیکە، گیرۆدەی دەستی دەڵاڵە. بۆ نموونە هەموو ساڵێک مافیای رەشی رێژیم بە هەزاران تۆن نۆک لە دەرەوە هاوردەی ئێران دەکات، بەستەبەندی دەکرێت و بە هەر ٩٠٠ گرەم بە ٢٠٠٠ (دوو هەزار) تمەن لەبازار دەفرۆشرێت. بەو حاڵەشەوە بەرهەمە خۆجێییەکانی کوردستان ڕکابەری دەکات. بەڵام ئەوە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانە بۆ ئەوەی جووتیاران قازانجێکی ئەوتۆ نەکەن و لە زۆر حاڵەتیشدا زەرەرمەند دەبن، بەو حاڵەشەوە حازر نین کە زەویی باب و باپیرانیان بەجێ بهێڵن یان بایری بکەن. بەو حاڵەشەوە کە قازانجێکی ئەوتۆ ناکەن بەڵام هەر بەردەوامن.

بە نیسبەتی گەنم و گەنمەشامیش بە هەمان شێوەیە. بۆ نموونە لە هەرێمی خۆرهەڵات کەش و هەوا و زەویی لەبار گونجاوترین بۆ بەرهەمهێنانی گەنم. ئەگەر خۆرهەڵات هەرێمێکی سەربەخۆ بێت ساڵانە دەتوانرێت بەرهەمە کشتوکاڵییەکان باشترین سەرچاوەی داهات بن بۆ هەرێمی کوردستانی

خۆرهەڵات لەبەر ئەوەی کە ساڵانە بە هەزاران تۆن بەرهەمی کشـــتوکاڵ ئیزافە لە مەسرەفی نێوخــۆ دەمێنێتــەوە، دەتوانرێت بفرۆشــرێت و داهاتەکـــەی، خەرجی ژێرســـازیی هەرێمی کوردســـتانی خۆرهـــەڵات و خۆشـــگوزەرانیی خەڵک بکرێت. لەو نێـــوەدا جووتیاران دەتوانن بەرهەمەکانیـــان لە بازاڕی واقیعیدا بفرۆشـــن و ماندووبوونیـــان دەرچێـــت و هاندەرێک بێت بـــۆ بەرهەمێکـــی باشـــتر لە ســـاڵی داهاتووی جووتیارییانـــدا. لەخوارەوە بە وردی پەرژاوینەتە ســـەر هەموو کەموکۆڕییەکان وەک مەسرەف و داهـــات و بۆ ئێمە و هەمـــوو جووتیاران ڕوون دەبێتەوە کە لە یەک ساڵدا هەر جووتیارێک لە یەک هێکتاردا چەندە قازانج دەکات.

لەبەر چەنـــد هۆکار جووتیار هەســـت بەو خەســـارە گەورەیە ناکات، کە ساڵانە قازانجێکی ئەوتۆی دەســـت ناکەوێت و لەدرێژەی ســـاڵدا دەبێ هێـــز و وزەیەکـــی زۆر تەرخان بکات بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی کشـــتوکاڵی کە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێکی دەکەین.

یەکەم: زۆربەی جووتیارەکان هەر لە کۆنەوە بنەتوو و کەرەســـتەی کشـــتوکاڵیان هەیە کە ڕەنگە لە درێژەی ساڵدا ئەو نرخەی کە دەبێت بۆئەو ئیشە تەرخانی بکەن، پێیانەوە دیار نەبێت بەڵام دەبێت ســـووتەمەنی و تایەر (لاســـتیک) و ڕۆن و تەعمیراتـــی لە پێـــش چاو بگرن کە کەمتر لەوانەی باسمان کردووە زەق دەبێتەوە.

دووهـــەم: بەداخەوە بە هـــۆی بێکاربوونی خەڵکی کوردستان بەتایبەت لە گوندەکان، هەر بنەماڵەیەک هێـــزی کاری خۆماڵیی هەیە یان زۆرجار بە پێی نەریتی کۆن هەرەوەرزی (زبارە) دەکەن کە ئەمەش هەســـت بە نرخی کرێکار و ئیشکردنی یەک ســـاڵی کشتوکاڵ ناکرێت یان ناکەوێتە بەرچاو.

لێرە بە وردی چاومان خستووەتە سەر یەک ســـاڵی کشتوکاڵ لە کوردســـتان کە بە ڕاوێژ و هاوکاریی کارناســـێکی ئەو بوارە کە خۆی بە وردی چاوەدێریـــی کشـــتوکاڵ دەکات و ڕۆژانە لەگەڵ ئەو ئیشە بەرەوڕوویە، ئامادە کراوە، هەر بۆیـــە هەموو ئەو نرخانـــە (تایبەتە بە بەرهەمی کشتوکاڵ ســـاڵی ٩٨-٩٩) کە لە خشتەی هەر بەرهەمێکدا هاتووە، چەند خاڵ لە بەرچاو گیراوە کە لە خوارەوە هەموویان بە وردی باس دەکرێن.

- بنەتووی دەرەجە یەک، سەم و کوودی تەواو بۆ یەک ساڵ مەبەستە.
- (چانـــدن، پێراگەیشـــتن، هەڵگرتن) لە کاتی خۆیدایە.
- زەوی بۆ کشتوکاڵ، زەوییەکی دەرەجە یەک بە ئەژمار هاتووە.
- لە کاتی بەرهەم و دروێنەکردن لانی زۆری لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان حسێب کراوە.
- لەکاتـــی بازاڕکردن(فرۆشـــتن) لانی زۆریی نرخی فرۆش حسێب کراوە.

خشـــتەی بەرهەمهێنانـــی کشـــتوکاڵ لە پارێزگای کرماشـــان، ئـــەم نمـــوودارە هەموو خەرجییـــەکان و داهاتـــی کشـــتوکاڵ لە خۆ دەگریت کە جووتیارێک لە یەک ســـاڵی کشتو کاڵدا بۆ بەرهەمەکەی بەکاری دێنیت.

تێبینی:

- بە پێی ئەم خشـــتەیە بۆ هەر جووتیارێک لە پارێزگای کرماشان ڕوون دەبێتەوە کە لە ساڵدا چەندە تێچوو و چەندە داهاتی هەبووە.
- بۆ هەر بەرهەمێکی کشـــتوکاڵ ڕێژەی یەک هێکتـــار واتـــە ١٠/٠٠٠ (دە هـــەزار) میتر لە بەرچاو گیراوە.
- لە پارێـــزگای کرماشـــان ٩٤٦/٧٨١ هێکتار زەویی کشـــتوکاڵ هەیە کـــە ٧٠٩/٧٨١ دێم و ٢٣٥/٠٠٠ بەرئاوە.
- لەبازاڕی جیهانی بۆ کڕین و فرۆشـــتنی گەنم بە بوشـــل بە ئەژمار دێت لە هەر ١ بووشـــل = ٢٧.٢١٦ کیلـــۆ و لە بازاڕدا هەر ١٠٠ بووشـــل (١٠٠*٢١٦.٢٧) بە ٦٠٠ دۆلار بازار دەکرێت.
- لە بازاڕی عێراق و هەرێمی کوردســـتان هەر ١تۆن بە ٤٨٧ دۆلار بازار دەکرێت.
- لە بازاڕی ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان هەر ١ تۆن٩٠ دۆلار بازار دەکرێت.

**خشتەی گەنم لە سێ وڵاتی (ئێران، عێراق، ئامریکا) بە کیلۆ لەساڵی ١٣٩٩/٢٠٢٠**

| ریز | وڵات | بۆ هەر ١ کیلۆ بە دۆلار |
|---|---|---|
| ١ | ئێران | ٩٠ سنت |
| ٢ | عێراق | ٤.٨٧ |
| ٣ | ئامریکا | ٤.٥ |

- لەبازاڕی ئێران بۆ هەر یەک کیلۆ، ٩٠ سنت.
- لەبازاڕی عێراق بۆ هەر یەک کیلۆ ، چوار دۆڵار و هەشتاودو حەوت( ٤.٨٧)سێنت.
- لەبازاڕی ئامریکا بۆ هەر یەک کیلۆ چوار دۆڵار و پەنجا (٤.٥)سێنت.

جێـی ئاماژەیە کـە لە کاتـی بازاڕکردن و تەحویلدانی بەرهەمی کشتوکاڵ بەتایبەت گەنم بە سیلۆ(لەژێر چاوەدێری و کونترۆڵی حکومەتدایە) پارەی ئەو برە گەنمەی کە ڕادەسـتی سیلۆکان کراون بە قیسـتی بە جووتیـاران دەدرێت و لە ساڵانی ڕابردوودا بە هۆی گەمارۆکان دوای چەند مانگ پارەیان بـە جووتیاران تەحویل دەدرا کە ئەویش بارگرانییەکی زۆری لەسـەر جووتیاران دروسـت کردبو، بۆ نموونە جووتیار نەیدەتوانی خـۆی ئامادەبـکات بۆ چاندنـی وەرزی نوێ و تووشی کێشەی کردبوون.

**خشتەی گەنم (دێم)**

| جۆری کار | بە هەزار تمەن |
|---|---|
| کێڵان | ١٥٠ |
| دیسک | ١٠٠ |
| بنەتوو ٢٥٠ ک*٢٨٠٠ت | ٧٠٠ |
| بەزرکار، بۆ هەر١ ئەنبار | ١٠٠ |
| کوود پایزە، کوودی فوسفات، کیسەی ١٠٠/٠٠٠ | ٢٠٠ |
| کوود بەهارە، اورە، کیسەی ٦٠/٠٠٠ | ١٣٠ |
| کوودپاش | ٤٠ |
| سەم | ٤٠٠ |
| سەمپاش | ٢٠٠ |
| کومپاین، بۆ دوو ئەنبار ٣٤٠/٠٠٠ | ٣٤٠ |
| گواستنەوە | ١٥٠ |
| کرێکاری وەرزانە | ٢/١٦٠/٠٠٠ |
| کۆی هەموو خەرجییەکان | ٤/٦٧٠/٠٠٠ |
| کا (کولێش)بۆ فرۆشتن | ٦٠٠ |
| دەرکەوتی گشتی لەکاتی فرۆش، ٢٠٠٠*٢٨٠٠ | ٥/٦٠٠/٠٠٠ |
| دەرکەوتی گشتی+کا | ٦/٢٠٠/٠٠٠ |
| دەرکەوتی گشتی- خەرجییەکان | -٤/٦٧٠/٠٠٠ |
| | ٦/٢٠٠/٠٠٠ |
| دەرکەوت بۆ جووتیار (خالیس)، یەک میلیۆن و پانسەد و سی هەزار تمەن. | ١/٥٣٠/٠٠٠ |

خشتەکە ڕوونە بەڵام بۆ زانیاریی زۆرتر تەنیا دەپەرژێمە سەر کرێکاری وەرزانە کە لە خشتەکەی سەرەوە هاتووە، بۆ هەر سێ قۆناغی بەرهەمهێنانی گەنم (چاندن، پێراگەیشتن، هەڵگرتن)، کرێکار پێویستە کە نزیک بە ساڵێک لەسەر زەوی بێت و ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت کە نووسەر لەم ڕاپۆتەدا بە هاوکاری و ڕێنوێنی و ڕاوێژکاریی کارناسی ئەو بوارە، هەموو خاڵەکان و ئەرکەکانی لە بەرچاوگرتووە هەر بۆیە ئەو ژمارەیە دەرچووە.

لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە جووتیارێک لە یەک ساڵی کاریدا بۆ بەرهەمهێنانی گەنم لە یەک هێکتار (١٠/٠٠٠ میتر) ڕێژەی بەرهەمەکەی بە کیلۆ دەکاتە ٢/٠٠٠ کیلۆ گەنم (٢٠٠٠*٢٨٠٠=٥٦٠٠٠٠٠) کە ئەگەر هەموو خەرجییەکانی لێ دەرخەین ساڵانە یەک میلیۆن و پانسەدوسی هەزار تمەن

**خشتەی گەنم (بەرئاو)**

| جۆری کار | بە هەزار تمەن |
|---|---|
| کێڵان | ١٥٠ |
| دیسک | ٣٠٠ |
| بنەتوو، ٣٣٠ کیلۆ* ٢٨٠٠ | ٩٠٠ |
| بەزرکار، یەک ئەبار و نیم | ١٥٠ |
| کوود پایزە، فوسفات، هەر کیسە ١٠٠/٠٠٠ | ٤٠٠ |
| کوود بەهارە، اورە، هەر کیسە ٦٠/٠٠٠ | ١٨٠ |
| کوودپاش | ٦٠ |
| سەم | ٥٠ |
| سەمپاش | ٥٠ |
| کومپاین | ٩٠٠ |
| گواستنەوە | ٣٠٠ |
| حەقی ئاو | ١٥٠ |
| کرێکاری وەرزانە | ٢/١٦٠/٠٠٠ |
| کۆی هەموو خەرجییەکان | ٥/٧٥٠/٠٠٠ |
| کا بۆ فرۆشتن | ٦٠٠ |
| دەرکەوتی گشتی لەکاتی فرۆش، ٦٠٠٠*٢٨٠٠ | ١٦/٨٠٠/٠٠٠ |
| دەرکەوتی گشتی+کا | ١٧/٤٠٠/٠٠٠ |
| دەرکەوتی گشتی- خەرجییەکان | -١٧/٤٠٠/٠٠٠ |
| | ٥/٧٥٠/٠٠٠ |
| دەرکەوت بۆ جووتیار (خالیس)، یازدە میلیۆن و شەش سەد و پەنجا هەزار تمەن. | ١١/٦٥٠/٠٠٠ |

قازانج دەکات.

هەر چۆن لە خشتەکەدا هاتووە جووتیار بۆ بەرهەمهێنانی گەنمی ئاوی لە یەک دۆنمدا ٦تۆن بەرهەمی دەبێت (٦٠٠٠*٢٨٠٠=١٦/٨٠٠/٠٠٠)، حکومەت هەر ساڵ بۆ بنەتوو بە نرخێک بنەتوو بە جووتیاران بفرۆشێت لە کاتی دروێنەکردنی بەرهەمیشدا بەهەمان نرخ لە جووتیاران دەیکرێت، ئەڵبەتە ئەو نرخە پێشتر لە لایەنی دەوڵەتەوە بە مەجلیس پێشنیار دەدرێت

و مەجلیس پاش مشتومڕ، نرخی کۆتایی پەسەند دەکات.
جێی ئاماژەیە کە بۆ ساڵی داهاتووی کشت، واتە ۱۳۹۹ جووتیاران سەرجەم مەسرەفەکانیان چەندقات بەرز بووەتەوە. بۆ نموونە تەنیا بۆ کوودی ڕەش کە لە ساڵی ۱۳۹۸ تەنیا بۆ هەر یەک کیسەی ۵۰ کیلۆگرەمی بە ۱۰۰ هەزار تمەنی ئێرانی دەکڕی، دەبێت بۆ ساڵی ۱۳۹۹-۱۴۰۰ بۆ یەک کیسەی ۵۰ کیلۆگرەمی ۵۰۰ هەزار تمەن بدات، دیارە ئەمە تەنیا یەک قەڵەمە کە گران بووە لەکۆتاییی وەرزی بەرهەمیشدا حکومەت تەنیا بۆ هەر یەک کیلۆگرەم گەنم ۴۰۰۰ هەزار تمەن پارەی تەرخان کردووە لە حاڵێکدا تا کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، جووتیار دەبێت نرخی پێداویستییەکان بە دۆلاری ۳/۰۰۰/۰۰۰ سێ میلیۆن تمەنی تەرخان بکات.

تێبینی:
جووتیاران لە کۆتاییی دروێنە و جۆخیندا دەتوانن کلۆشی زەوییەکەیان لەبازاڕدا بفرۆشن کە بۆ ساڵی ۱۳۹۹ لە بازاڕ بۆ هەر یەک هێکتار ۶۰۰/۰۰۰ هەزار تمەن دیاریکراوە کە وەک داهات لە خشتەکانی دانەوێڵەدا هاتووە.
چاندنی جۆ لە کرماشان پلەی سێیەمی هەیە و ساڵانە زیاتر لە ۱۵۰/۰۰۰ (سەد و پەنجا هەزار) هێکتار بۆ کشتی جۆ بەکاردێت. جۆ لە زەویی دەرجە ۱و۲ و۳ شین دەبێت بەڵام خەڵک زۆرتر لە دەرەجە ۳ دەیچێنن لەبەر ئەوەی کە زەحمەت و ماندووبوونی

**خشتەی بەرهەمهێنانی جۆ دێم**

| جۆری کار | به هەزار تمەن |
|---|---|
| کێڵان | ۱۵۰ |
| دیسک | ۱۰۰ |
| بنەتوو ۲۵۰ ک*۲۸۰۰ | ۷۰۰ |
| دەزگای تۆوەشێن | ۱۰۰ |
| کوود پایزە، فوسفات، هەر کیسە ۱۰۰/۰۰۰ | ۲۰۰ |
| کوود بەهارە، اورە، هەر کیسە ۶۰/۰۰۰ | ۱۲۰ |
| کوودپاش | ۳۰ |
| سەم | ۴۰۰ |
| سەمپاش | ۲۰۰ |
| کومپاین | ۶۸۰ |
| گواستنەوە | ۳۰۰ |
| کرێکاری وەرزانە | ۲/۱۶۰/۰۰۰ |
| کۆی هەموو خەرجییەکان | ۵/۱۴۰/۰۰۰ |
| کا بۆ فرۆشتن | ۵۰۰ |
| دەرکەوتی گشتی لەکاتی فرۆش، ۳۵۰۰ *۲۰۰۰تمەن | ۷/۰۰۰/۰۰۰ |
| دەرکەوتی گشتی+کا | ۷/۵۰۰/۰۰۰ |
| دەرکەوتی گشتی- خەرجییەکان | ۵/۱۴۰/۰۰۰-۷/۵۰۰/۰۰۰ |
| دەرکەوت بۆ جووتیار (خالیس)، دوو میلیۆن سێسەد و شەست هەزار تمەن. | ۲/۳۶۰/۰۰۰ |

کەمترە و بەنیسبەت گەنم و نۆک داهاتی باشترە بەڵام با لەبیرمان نەچێت کە هەموو بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لەدەستی ڕەشی مافیادایە و جووتیاران بەداخەوە قازانجێکی ئەوتۆ ناکەن.

ڕەنگە جێی پرسیار بێت کە بۆ جووتیار هەر کیلۆ بە ٢٨٠٠تمەن دەکڕێت بەڵام لە کاتی فرۆشتن لە بازاڕدا بۆ بە ٢٠٠٠ تمەن دەیفرۆشێت، لەکاتی کڕینی بنەتوو، بنەتووەکە خالیسە، بەڵام لە کاتی فرۆشتن و بازاڕکردن، ناخالیسیی زۆری پێوە دیارە بۆنموونە ڕەنگە نۆک، گەنم، نیسک، پەرەنێشک، قەلاس (چۆدەن)، دووگونە و ... تێیدا بەرچاو بکەوێت.

یەکێک لەو بەرهەمە سەرەکییانەی کە لە پارێزگای کرماشان بەرهەم دێت «جۆ»یە. بەرهەمی جۆی دێم پێویستی بە ئاوێکی زۆر کەم هەیە و تارادەیەکی زۆر لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە زەوییەک دەچێندرێت و ڕیژەی بەرهەم و داهاتیشی زۆرە بەڵام لە درێژخایەندا هێز و پیت و بەرەکەتی زەوی کەم دەکاتەوە هەر بۆیە لە کوردستان خەڵک کەمتر جۆ دەچێنن.

**خشتەی بەرهەمهێنانی جۆ بەرئاو**

| جۆری کار | بە هەزار تمەن |
|---|---|
| کێڵان | ١٥٠ |
| دیسک | ١٠٠ |
| بنەتوو ٣١٥ ک*٢٨٠٠ | ٧٠٠ |
| بەزرکار ، یەک ئەنبارو نیم | ١٥٠ |
| کوود پایزە، فوسفات، هەر کیسە ١٠٠/٠٠٠ | ٢٠٠ |
| کوود بەهارە، اورە، هەر کیسە ٦٠/٠٠٠ | ١٢٠ |
| کوودپاش | ٣٠ |
| سەم | ٤٠٠ |
| سەمپاش | ٢٠٠ |
| کومپاین | ٦٨٠ |
| گواستنەوە | ٣٠٠ |
| کرێکاری وەرزانە | ٢/١٦٠/٠٠٠ |
| کۆی هەموو خەرجییەکان | ٥/١٩٠/٠٠٠ |
| کا بۆ فرۆشتن | ٥٠٠ |
| دەرکەوتی گشتی لەکاتی فرۆش، ٥/٠٠٠ *٢٠٠٠تمەن | ١٠/٠٠٠/٠٠٠ |
| دەرکەوتی گشتی+کا | ١٠/٥٠٠/٠٠٠ |
| دەرکەوتی گشتی- خەرجییەکان | ١٠/٥٠٠/٠٠٠-٥/١٩٠/٠٠٠ |
| دەرکەوت بۆ جووتیار (خالیس)، پێنج میلیۆن و سێسەد و دە هەزار تمەن | ٥/٣١٠/٠٠٠ |

**خشتەی بەرهەمهێنانی نۆک (بەهارە) مکانیزە**

| جۆری کار | به هەزار تمەن |
|---|---|
| کێڵان | ۱۵۰ |
| بنەتوو، ۴۵*۷/۰۰۰ | ۳۵۰ |
| بەزرکار،۴۵*۳/۰۰۰ | ۱۵۰ |
| سەم | ۵۰ |
| سەمپاش | ۱۵۰ |
| فاروو | ۱۵۰ |
| کومپاین | ۵۰۰ |
| گواستنەوە | ۱۰۰ |
| بووجاڕی | ۱۰۰ |
| کۆی هەموو خەرجییەکان | ۱/۷۰۰/۰۰۰ |
| دەرکەوتی گشتی لەکاتی فرۆش، ئەگەر زەوی دەرەجە ۱بێت لە هەر یەک هێکتار ۷۰۰ تا ۱۰۰۰ کیلوو نۆک بەرهەم دێت کە لە بازاڕدا لە نێوان ۷۵۰۰ تا ۸۵۰۰ دەفرۆشرێت. | ۸/۵۰۰/۰۰۰ |
| دەرکەوتی گشتی- خەرجییەکان | ۸/۵۰۰/۰۰۰-۱/۷۰۰/۰۰۰ |
| دەرکەوت بۆ جووتیار (خالیس)، شەش میلیۆن و هەشت سەد هەزار تمەن. | ۶/۸۰۰/۰۰۰ |

بۆ یــەک دۆنم ۴۵ کیلۆ نۆک پێویســتە کە لەبــازاڕدا بــە ۷هەزارتمەن بــە جووتیارانی دەفرۆشــن و بەزرکاریش هەمان ڕێژە بە هەر کیلۆ ۳هەزار تمەن دەچێنێت.

**خشتەی بەرهەمهێنانی نۆک (بەهارە) مکانیزە**

| جۆری کار | به هەزار تمەن |
|---|---|
| کێڵان | ۱۵۰ |
| بنەتوو، ۴۵کیلۆ*۷۰۰۰تمەن | ۳۵۰ |
| کرێکار بۆ چاندن یا وەشاندن | ۵۰ |
| سەم | ۵۰ |
| سەمپاش | ۱۵۰ |
| کرێکاری وەرزانە، دەسکەنە ۱۲۰*۵ | ۶۰۰ |
| گواستنەوە | ۱۰۰ |
| خەرمەنکووب | ۱۰۰ |
| کۆی هەموو خەرجییەکان | ۱/۵۵۰/۰۰۰ |
| دەرکەوتی گشتی لەکاتی فرۆش، ئەگەر زەوی دەرەجە ۱بێت لە هەر یەک هێکتار ۷۰۰ تا ۱۰۰۰ کیلوو نۆک بەرهەم دێت کە لە بازاڕدا لە نێوان ۷۵۰۰ تا ۸۵۰۰ دەفرۆشرێت. | ۸/۵۰۰/۰۰۰ |
| دەرکەوتی گشتی- خەرجییەکان | ۸/۵۰۰/۰۰۰-۱/۵۵۰/۰۰۰ |
| دەرکەوت بۆ جووتیار (خالیس)، شەش میلیۆن و نۆسەد و پەنجا هەزار تمەن. | ۶/۹۵۰/۰۰۰ |

**خشتەی بەرهەمهێنانی نۆک (بەهارە) بە کرێکار**

| جۆری کار | به هەزار تمەن |
| --- | --- |
| کێڵان | ۱۵۰ |
| بنەتوو، ۴۵کیلو*۷۰۰۰تمەن | ۳۵۰ |
| کرێکار بۆ چاندن یا وەشاندن | ۵۰ |
| سەم | ۵۰ |
| سەمپاش | ۱۵۰ |
| کرێکاری وەرزانە، دەسکەنە ۵*۱۲۰ | ۶۰۰ |
| گواستنەوە | ۱۰۰ |
| خەرمەنکووب | ۱۰۰ |
| کۆی هەموو خەرجییەکان | ۱/۵۵۰/۰۰۰ |
| دەرکەوتی گشتی لەکاتی فرۆش، ئەگەر زەوی دەرەجە ۱بێت لە هەر یەک هێکتار ۷۰۰ تا ۱۰۰۰ کیلوو نۆک بەرهەم دێت کە لە بازاڕدا لە نێوان ۷۵۰۰ تا ۸۵۰۰ دەفرۆشرێت. | ۸/۵۰۰/۰۰۰ |
| دەرکەوتی گشتی- خەرجییەکان | ۸/۵۰۰/۰۰۰-۱/۵۵۰/۰۰۰ |
| دەرکەوت بۆ جووتیار (خالیس)، شەش میلیۆن و نۆسەد و پەنجا هەزار تمەن. | ۶/۹۵۰/۰۰۰ |

**خشتەی بەرهەمهێنانی نۆک (پایزە) مکانیزە**

| جۆری کار | به هەزار تمەن |
| --- | --- |
| کێڵان | ۱۵۰ |
| بنەتوو ۵۰ک*۷۰۰۰ت | ۳۵۰ |
| بەزرکار ۵۰ک*۳۰۰۰ت | ۱۵۰ |
| سەم | ۵۰ |
| سەمپاش | ۱۵۰ |
| فاروو | ۱۵۰ |
| کومپاین | ۵۰۰ |
| جێ بە جێ کردن | ۱۰۰ |
| بووجاری | ۱۰۰ |
| کۆی هەموو خەرجییەکان | ۱/۷۰۰/۰۰۰ |
| دەرکەوتی گشتی لەکاتی فرۆش، ئەگەر زەوی دەرەجە ۱بێت لە هەر یەک هێکتار ۷۰۰ تا ۱۰۰۰ کیلوو نۆک بەرهەم دێت کە لە بازاڕدا لە نێوان ۷۵۰۰ تا ۸۵۰۰ دەفرۆشرێت. | ۸/۵۰۰/۰۰۰ |
| دەرکەوتی گشتی- خەرجییەکان | ۸/۵۰۰/۰۰۰-۱/۷۰۰/۰۰۰ |
| دەرکەوت بۆ جووتیار (خالیس)، شەش میلیۆن و هەشت سەد هەزار تمەن. | ۶/۸۰۰/۰۰۰ |

**خشتەی بەرهەمهێنانی نۆک (پایزە) کرێکار**

| جۆری کار | | به هەزار تمەن |
| --- | --- | --- |
| کێڵان | | ١۵٠ |
| بنەتوو | ۵٠ک*٧٠٠٠ت | ٣۵٠ |
| بەزرکار | ۵٠ک*٣٠٠٠ت | ١۵٠ |
| سەم | | ۵٠ |
| سەمپاش | | ١۵٠ |
| کرێکاری وەرزانە | ٦*١٢٠/٠٠٠ | ٦٠٠ |
| گواستنەوە | | ١٠٠ |
| بووجاڕی | | ١٠٠ |
| کۆی هەموو خەرجییەکان | | ١/٦۵٠/٠٠٠ |
| دەرکەوتی گشتی لەکاتی فرۆش، ئەگەر زەوی دەرەجە ١بێت لە هەر یەک هێکتار ٧٠٠ تا ١٠٠٠ کیلوو نۆک بەرهەم دێت کە لە بازاڕدا لە نێوان ٧۵٠٠ تا ٨۵٠٠ دەفرۆشرێت. | | ٨/۵٠٠/٠٠٠ |
| دەرکەوتی گشتی- خەرجییەکان | | ٨/۵٠٠/٠٠٠-١/٦۵٠/٠٠٠ |
| دەرکەوت بۆ جووتیار (خالیس)، شەش میلیۆن و هەشت سەد هەزار تمەن. | | ٦/٨۵٠/٠٠٠ |

نیوەی بەرهەمی نۆک لە ئێران لە پارێزگای کرماشان بەرهەم دێت. ساڵانە لە پارێزگای کرماشان ٤١هەزار هێکتار لە زەوییەکانی بۆ نۆکی پاییزە و ١٤٠هەزار هێکتار بۆ نۆکی بەهارە تەرخان دەکرێ و ساڵانە ١١٢ هەزار تۆن نۆک بەرهەم دێت.

**خشتەی بەرهەمهێنانی نیسک**

| جۆری کار | | به هەزار تمەن |
| --- | --- | --- |
| کێڵان | | ١۵٠ |
| بنەتوو | ٢۵ک*٣٠٠٠٠ت | ٧۵٠ |
| خەرمانکوب | | ١٠٠ |
| کرێکاری وەرزانە | | ٢/٠٠٠/٠٠٠ |
| گواستنەوە | | ٧٠٠ |
| کۆی هەموو خەرجییەکان | | ٣/٧٠٠/٠٠٠ |
| دەرکەوتی گشتی لەکاتی فرۆش، ئەگەر زەوی دەرەجە ١بێت لە هەر یەک هێکتار ٧٠٠ تا ١٠٠٠ کیلوو نۆک بەرهەم دێت کە لە بازاڕدا لە نێوان ٧۵٠٠ تا ٨۵٠٠ دەفرۆشرێت. | | ١٠/۵٠٠/٠٠٠ |
| دەرکەوتی گشتی- خەرجییەکان | | ١٠/۵٠٠/٠٠٠-٣/٧٠٠/٠٠٠ |
| دەرکەوت بۆ جووتیار (خالیس)، شەش میلیۆن و هەشت سەد هەزار تمەن | | ٦/٨٠٠/٠٠٠ |

لە پارێزگای کرماشان ٤۵٠٠ هێکتار بۆ نیسک تەرخان دەکرێت کە لەساڵدا ٢هەزار تۆن نیسک بەرهەم دێت.

تێبینی: لە پارێزگای لوڕستان ڕێژەی ١٦ تا ١٨ هەزار هێکتار لە زەوییەکانی ئەو پارێزگایە بۆ بەرهەمهێنانی نیسک تەرخان دەکرێت.

**خشتەی گەنمەشامی، (دانە)**

| جۆری کار | بە هەزار تمەن |
|---|---|
| کێڵان | ۲۰۰ |
| دیسک | ۱۰۰ |
| بنەتوو ۲۵ک*۳۰۰۰۰ت | ۷۵۰ |
| بەزرکار ۲۵ک*۵۰۰۰ت | ۱۲۵ |
| کوود پایزە، فوسفات، هەر کیسە ۱۰۰/۰۰۰ | ۳۰۰ |
| کوود بەهارە، اورە (۱۰ کیسە) هەر کیسە ۶۰/۰۰۰ | ۶۰۰ |
| سەم | ۲۰۰ |
| سەم تەقوییەتی | ۲۰۰ |
| سەمپاش | ۲۰۰ |
| حەقی ئاو | ۱۰۰ |
| کوودی تەڕ | ۳۰۰ |
| فاروو | ۲۰۰ |
| کومپاین | ۵۰۰ |
| گواستنەوە | ۳۰۰ |
| کرێکاری وەرزانە | ۶/۰۰۰/۰۰۰ |
| کۆی هەموو خەرجییەکان | ۱۰/۰۷۵/۰۰۰ |
| دەرکەوتی گشتی لەکاتی فرۆش، ئەگەر هەموو ڕێکاری کشتوکاڵ لە پێش چاو بگیرێت، بنەتوو سالم بێت و لە درێژەی وەرزدا دروست ئاو و کوودی پێ بدرێت لە هەر یەک هێکتا ۸تا۱۲تۆن گەنمەشامی بەرهەم دێت کە لەبازاڕدا بە هەر کیلۆ۳۰۰۰ تمەن دەفرۆشرێت. | ۳۶/۰۰۰/۰۰۰ |
| دەرکەوتی گشتی- خەرجییەکان | ۳۶/۰۰۰/۰۰۰-۱۰/۰۷۵/۰۰۰ |
| دەرکەوت بۆ جووتیار (خالیس)، بیست و پێنج میلیۆن و نۆسەد و بیست و پێنج هەزار تمەن. | ۲۵/۹۲۵/۰۰۰ |

**خشتەی گەنمەشامی، (بۆ سەوزە)**

| جۆری کار | بە هەزار تمەن |
|---|---|
| کێڵان | ۲۰۰ |
| دیسک | ۲۰۰ |
| بنەتوو ۲۵ک*۳۰۰۰۰ت | ۷۵۰ |
| بەزرکار ۲۵ک*۵۰۰۰ت | ۱۲۵ |
| کوود پایزە، فوسفات، هەر کیسە ۱۰۰/۰۰۰ | ۲۰۰ |
| کوود بەهارە، اورە، هەر کیسە ۶۰/۰۰۰ | ۶۰۰ |
| کوود ئاوی تەقوییەتی | ۳۰۰ |
| سەمپاش | ۱۵۰ |
| حەقی ئاو | ۱۰۰ |
| کوودی تەڕ | ۳۰۰ |
| فاروو | ۲۰۰ |
| کرێکاری وەرزانە | ۵/۰۰۰/۰۰۰ |
| کۆی هەموو خەرجییەکان | ۸/۱۲۵/۰۰۰ |
| دەرکەوتی گشتی لەکاتی فرۆش، ئەگەر هەموو ڕێکاری کشتوکاڵ لە پێش چاو بگیرێت، بنەتوو سالم بێت و لە درێژەی وەرزدا دروست ئاو و کوودی پێ بدرێت لە هەر یەک هێکتار۷۰تا۸۰ تۆن ئالف یان کای سەوز بەرهەم دێت کە لەبازاڕدا بە هەر کیلۆ ۳۵۰ تا ۴۰۰ تمەن دەفرۆشرێت. | ۳۲/۰۰۰/۰۰۰ |
| دەرکەوتی گشتی- خەرجییەکان | ۳۲/۰۰۰/۰۰۰-۸/۱۲۵/۰۰۰ |
| دەرکەوت بۆ جووتیار (خالیس)، بیست و سێ میلیۆن و هەشت سەد و حەفتاو پێنج هەزار تمەن | ۲۳/۸۷۵/۰۰۰ |

تێبینی: بۆ ئەم بەرهەمە، کڕیار خۆی ئەرکی دروێنەکەی لە ئەستۆ دەگرێت.
لە پارێزگای کرماشان ١٧هەزار هێکتار زەوی تەرخان کراوە بۆ بەرهەمهێنانی گەنمەشامی(دانەیی) کە ساڵانە ١٥٣هەزار تۆن گەنمەشامی(دانەیی) بەرهەم دێت، هاوکات و لە مانگی جۆزەردان ٢/٢٨٧ هێکتار تەرخان کراوە بۆ بەرهەمهێنانی گەنمەشامی (علوفە) کە ١٧١هەزار تۆن گەنمەشامی (علوفە) بەرهەم هاتووە.

**خشتەی گەنمەشامی،**
**زەڕات، دانەیی**
**(لە پارێزگای کرماشان)**

| گەنمەشامی دانەیی<br>هێکتار | بەرهەم لە یەک ساڵ<br>تۆن |
|---|---|
| ١٧/٠٠٠ | ١٥٣/٠٠٠ |

**خشتەی گەنمەشامی،**
**زەڕات، دانەیی**
**(لە پارێزگای کرماشان)**

| گەنمەشامی بۆ کا(علووفە)<br>هێکتار | بەرهەم لە یەک ساڵ<br>تۆن |
|---|---|
| ٢/٢٨٧ | ١٧١/٠٠٠ |

تێبینی: بۆ ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی نرخەکانی بەرهەمهێنان «کشت» و «داشت» سێ قات بەرز بووەتەوە، بەڵام نرخی کڕین و فرۆشتن هێشتا ناڕوونە و بڕیاری کۆتایی لەسەر نەدراوە.